لە تەمتومانی ژنی حیزبەچکەوە بۆ دروستکردنی بارێکی کاریگەر هادیی حەمیشید – کامیار سابیر

لە بەشکانی پشوودا ئاماژەمان بە صەد ساڵ سووانەوەی کورد لە بازنەیەکدا لە کوردستانی عێراق کرد، باسی ئەوەمان کرد کە چۆن لە ڕگەی چەند خزانێکی دەستەمۆی هاوگریی ئیقلیمیی و جیهانییەوە بە میکانیزمی گەمەکردن بە هەست و شعوری قەومیی، سوودیان لە دەسافیی و ناهەشیاریی خەڵك بینیوە، بە دەستكی ختوکەی شعوری نەتەوەیی گەلی کورد ئەدەن و لەولایشەوە، بە هەزار پە بە دوای پلان و پڕۆژەی وەاتانی ئیقلیمییدا، ڕائەکەن!
هاوکات، دەرد و ئاریشە و لەمپەرکانی بەردەم هەر پڕۆژەیەک(بەدیل)ی سیاسییمان بە ئەم عەمالەتە ئیقلیمییە موزمینە خستەڕوو، دەستکورتیی مەعریفیی و بە ڕوئییەیی ئەو هەزانەمان شانۆکەو کرد کە چەندین دەیە دژی ئەو جۆرە لە سیاسەتی زاڵی بنەماکان، وەستانەوە، وزەیەکی زۆری کەمگەیان بەفیڕدا، کاتکی درۆخایەن و خونکی بە شومار و میلیۆنان خزگەی گەنج و لاویان لە دژایەتیی دەسەاتی گندەدا بەهەدەردا، دواتر هاتنەوە بە بەردەرگاکیان و بوونەوە بە پاشکۆ و پڕاوێزی هەمان سیاسەت و تیجاەتی کوردایەتیی !دیان خزانی سیاسیی لژڕ چۆتری خزانکانی ئەم موئەسەسە تیجاییدا، کەوتنە پیسخۆریی و بەرماوخۆریی و هەر لەگای ئەوانیشەوە بە موخابەراتی دەوەتە ئیقلیمییکان، جۆرد کران!

هەرچەندە سیاسەت تا ادەیکی ئەوتە ناشیرین کراوە و کەمیی بەشداریی هاواتییان لە کتا هەبژاردندا سڵمێنەری بەزاریی لە رادە بەدەری خەکە ،نك بییر لە دروستکردن و زیادکردنی حیزبکی تر ناکاتەوە، بەکو تەنانەت ناچەت بە دەنگدان و لە بناغەوە، باوەی بە کەی پەسەسکە نییە. واقیعیش ئەویە هەر ئەو باوەە و یقینەی(چۆن سیاسەت بە مانا فراوانکەی سەرچاوەی تکدانی تانوپۆی کەمگەیە، بەهەمان ڕهەندیش، بەام بە دیوە فەضییە ڕشیدییە خاوەن فیکرییەکیدا، تاکە ڕگەی چاککردنی ئەو چۆتیی و تکدانانەیە)، بیە لەم بەشدا سەرخەت و هەە گشتییکانی

(بارە) یەك بەیان ئەكەین(بە بە درۆزادەیی سیاسیی و سەفسەطەی وشەسازیی و سەجعی ئەدەبیی نامەفهوم)، هاوزەمان، دەنیاین ئەم كارەكی سەختی سیاسیی و فیكریین، لە یەك كاتدا باوەڕ بە بەشەك بە نوخبە و ئەكتیڤیستی سیاسیی كاریگەر بهێنرێت تا بە جدییەوە و لە سەنگەرەكی تردا، بە گوتارەكی سیاسیی و نیشتمانیی، جیاوازتر لە كوردایەتیی، سیاسەت بكەن، هاوكات قایلكردنی خەڵك تا جارەكیتر بە گوێ و تیینەوە بەشداریی سیاسیی بكەن ، بەڵام لەوەش دەنیاین كە(ئەستەم)یش نییە:-

یەكەم/ پەیوستە بارێیەكی سیاسیی بەهێز و خاوەن روئییەی جەرییانە و روون، بە گوتارەكی سیاسیی جودا لە گوتاری كوردایەتیی دروست بكرێت، باز بدات بەسەر سیاسەتی كلاسیكیی صەدەی رابردوو لە(دروشمی قەومیی)، سەرباری تێپەڕاندنی سەردەمی ئایدەلۆژیا(وەك ئەفیون) ،هاوكات هەڵگری سەوابیتی سیاسیی و ئەخلاقیی خۆی بێت، خاوەنی كەمەڵ هەڵەكی سوری حەرامكراو بێت كە ئەمەڵ نابێت بە دروشم بۆی و سبەی لەژێر دۆیان پاساودا، فەتوای حەڵاڵبوونیان بدات!
ناهەوایە كە ئیتر بییر لەو مەد و جەزرەی جەوڵەدەستانی سیاسەت لە كوردستانی عەراقدا نەكەینەوە كە صەدان عەقد و سەودای خەزانییان لەگەڵ عەراقی عەرەبیی(بە قەولی كەمپەینی قەومچییەكان) و توركیا و ئێراندا هەیە، كەچی لە كەمەڵك بابەتی بچووك و تافیهدا ختوكەی هەستی كوردایەتیی خەڵك ئەدەن و تا ئاستی شۆڤنییەت و نەژادپەرستیی راسیستانە، تەیاریان ئەكەن كە صەد ساڵ تەنیا و تەنیا سوودمەند، خەیان و خەزانەكانیان بوون و ئەبن.
باشترییەن كارەك بكرێ ئەوەیە كە بارێیەكی سیاسیی لە زەربەی حیزب و كەسایەتیی و رەكخراوەكان دروست بكرێ كە ئەم دەخی قەرغكاریی و هەژموونداریەی پارتییان قبووڵ نییە، بەڵام بە بە عومقەكی عەراقیی و نیشتمانیی(نەك نەتەوەیی) و بە هاوكاریی دەوڵەتی عەراق و هەڵە سیاسییەكانی عەراق، ناكرێ دەستكاریی نەخشەی سیاسیی هەرێم بكرێ!

پەیوستە كورد لە كوردستانی عەراقدا، تەجروبە لە ئازەرییەكانی ئێران وەربگرێت، كاتێ كەمارەكیان لە هەمان سەردەمی كەماری كوردستاندا شكستی خوارد، بەڵای بە بییریان لە چەك و تەقوتەق نەكردەوە و بگرە لەوساوە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، لە فارسەكان زیاتر خۆیان بە ئێرانیی ئازانن و تەنانەت خامینەئییش كە بەرزترییەن پێستی سیاسیی و دیینیی ئێرانە، ئازەریی باگگراوندێ. لەكاتێكدا، وەڵای دەوڵەتی ئازەربایجان، چەندیین دەوڵەتی خاوەن

سیادەی گەورەی تورک باکگراوند لە ئاسیای ناوەڕاستدا هەیە، بەڵام ئەوان دەستبەرداری دروشمی قەومیی بوون(ئەمەین دروشم، ئەگینا مافی خۆیانە کە چەن شانازیی بە ئازەریبوون و فەرهەنگ و مێژووی خۆیانەوە ئەکەن).

بە عەراقیش، بەهەمان میژەد، ئەمەی کورد پێویستە بە جەرائەتەوە خەمان بە عەراقیی بزانین و داکۆکیی لە عەراق، وەکو وڵات و کیانی سیاسیی خەمان بکەین، بە تایبەتییش لە دوای ٢٠٠٣ وە ستەمی میللیی لەسەر گەلی کورد، ئەکرێ بەڵێت هەر بوونی نییە و بە زەربەی مافە سیاسییی و دەستوریپەکانی خەمان گەیشتووین. بە پێچەوانەوە ئەوە حیزبەکانی کوردایەتیین کە گەورەترین ستەمیان لە خەڵکی کوردستان کردووە و کۆنترۆڵی بازاڕ و ژیان و ئابووریی هەرێمیان کردووە و هەرێم بووەتە موستەعمەرێیەکی ئیقلیمیی و گێچەڵ بە دەوڵەتی عەراق ئەکات. کاتی ئەوە هاتووە، هەموو کوردەکی عەراقیی، خێ بە خاوەنی عەراق بزانێ و لە رێگەی بەغدادەوە، سیاسەت بکات و هەر لەوێشەوە، کۆنترۆڵی هەزە میلیشیایپە کوردییەکان و شیعییەکان و سوننییەکان، ئەکرێ.

دووەم/ دوورکەوتنەوە لە کەڵکەڵەی پاراستنی قەوارەی چەتەگەریی هەرێم
دەخی سیاسیی هەرێم و دابەشبوونە حیزبیی و جیۆگرافیی و ئیقلیمییەکەی لە دیفاکتۆوە بووە بە دیژەری(Di Jure) سیاسیی، بە واتایەکی تر لە ئەمری واقیعەکی کاتییەوە بووە بە دەخەکی درێژخایەن و بە حوکمی واقیعی سیاسیی و شەرعییەتی ئیقلیمیی نەوان تورکیا و ئێران، هەروەها دەخی وەرانی عەراق، بە دوو هەرێم، دوو زەن و دوو ئیدارەی حیزبیی و بنەماڵەیی، ئیدامە بە ژیانی سیاسیی خەی ئەدات. بە واتایەکی تر، هەوڵەر و دهەک لە لایەن تورکیا و پارتییەوە ئیدارە ئەدرێ و زەنی سەوزیش لە لایەن یەکێتیی و ئێرانەوە. دەخی هەرێمی کوردستان، لە باری سیاسیی، ئابووریی و تەنانەت ئەمنییشەوە، ئینتیگرەیت نەبووە و ناشبەت. لەبری درێژدان بەم بارە درێژەودا و پێ لە شیعار و خاڵیی لە ناوەڕۆك، ئەم بارە نیشتمانییە، عەراق و دەستوورە هەمیشەییەکەی کە بیزنسمانەکانی کوردایەتیی،عەڵابی نووسینەوەی بوون، بکەن بە بەدیل بە وەستانەوە دژ بە دەستەوەردانی ئیقلیمیی و لەگەڵ بەغدا و هەزە نیشتیمانییە عەراقییەکاندا تەماهیی بگرن، نەک دژایەتیی دەوڵەتی عەراق و پێکهاتەکانی عەراق، بە ئەجەندای ئیقلیمیی بکرێ.

سێیەم/ خۆ دوورگرتن لە زەلکاوی گەندەڵیی عەراق و هەرێم

بە درێژایی حەفتاوپێنج ساڵ لە سیاسەتی هەڵە و بە کوشتدانی دەیان هەزار کەس لە صەددی ئابردووداو، هەشتا بارتەقای ئەم بیست ساڵەی دواییی لە ٢٠٠٣ ەوە، خەڵکی کوردستان توشی نائومێدیی نەبوون کە هەکارەکەی ئەو نموونە خراپەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی لەکاییی کوردییە، هەر لە پارەخۆریی و بەفیڕدان و خەوەڵمەندکردن و دروستبوونی چینایەتیی نوێوان دەسەڵاتداران و پیاوەکانیان لەگەڵ زرینەی خەڵکی هەرەمی کوردستانداو، تا بووە ئاگات بەشێکی زۆر لە کوردستانی عێراق، بە خامۆشیی و شێنەیی، بووە بە زەنی داگیرکراو لە لایەن تورکیاوە.
سیاسەت بە درە و فێوفڵ ناکرێ، هەرکەس لەم گێندەڵییەی عێراق (بە هەرەمیشەوە) گلابێت، ئەبێ بە هەزار گومانەوە، سەیری سیاسەت و ئەجێندا کانی بکەیت، گلان لە گێندەڵییەوە، لە دزیینی سامانی نیشتمانییەوە ئاگرتەوە تا ئەو ئێندام پارلمان و وەزیرانەی موچەی قەبەی خانەنشینییەوە ئەرێگرن تا بە کەسانێک ئاگات کە لە لیستی فەزائییدان و بە ناعەدالەتیی مەعاش، لە کوردستان و عێراق و لە هێندەران، وەرێگرن. ئاگەر کەسانێک بەمجەرە و بەم باکگراوندە سیاسیی و ئابووریەوە، سیاسەت بکەن، هەر حیزب و رێکخراوێکی سیاسیی دروست بکەن، هەر گێندەڵە ئەبن و لە پێچکدا بە گێندەڵییە گەورەکانەوە ئەبەسترێنەوە و بە صەفەقاتی سیاسیی و ئابووریی، لەگەڵ دەسەڵاتی گێندەڵەی هەرەمدا، تێکەڵ ئەبنەوە.

بە واتایەکی تر، چەند گرنگە سیاسەت بە فیکر و روئییە و گوتارێکی نوێوە بکرێ کە جیاواز بێت لە هەشت دەیەی فەشەڵی زەرەکانی کوردایەتیی؟ ئەوەندەش گرنگە کە مەعدەنی ئینسانیی، ئەخلاقیی و فەزیلەتیی سیاسیی ئەو کەسانەی سیاسەت ئەکەن، لە نێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا(کەشێ خەڵک)، مەبدەئییانە و ئەخلاقییانە و فاضیلانە، تای داواکارییەکانی خەڵک بگرن. بە ئەفسوسەوە، زەرینەی رەهای ئەوانەی سیاسەتیان کردووە لەماوەی ئەم سیی ساڵەی حوکمڕانیی کوردیدا، بەرژەوەندیی شەخصیی، حیزبیی، بنەماڵەیی و خزمخزمێنیان لە بەرچاو گرتووە، لە پێش هەموویانەوە، تەواوی سەرکردە سیاسییەکانی دەسەڵات و ئەوانەی جاران و ئێستایش، ئیدیعای ئەپەرێزیسنبوون ئەکەن.
قەبارەی گێندەڵیی سیاسییەکانی عێراق بگشتیی(سەرانی کورد زۆر بە تایبەتیی) نەك خودی وەاتەکە و ناوچەکە، بگرە میدیا جیهانییەکانی تەنیوە، کردوویانە بە یەکەك لە بوئرە ترسناکەکانی گێندەڵیی و شوێنی حەوانەی بەعثییە دەرینەکان و موخابەراتی ئیقلیمیی و تەنانەت بنکەی زەری سوپای تورکیا لەسەر خاکی عێراق، هاوکات تا

دەت، نەوان چینی دەسەلاتدار و بنەماڵەکان لە لایەک و زەرینەی خەڵک لە لایەکی تر، روو لە زیادبوون ئەکات، لە وەها دەخەکدا و لە ئۆپۆزسیۆنی نائومێدی خەڵک بە پرسەی سیاسیی و لە ناویشیاندا بە دەنگدان، زەر بە مانایەی دەستپەکی چوار ساڵی کاری تەشریعیی و ڕەقابیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عەراق بەو بڕەخ و دەستبەداویەی و هەڵشتنی زیاتر لە صەد ملیۆن دینار بە هەر یەکێکیان و دامەزراندنی لەشکرێکیتر لە پاسەوان بڵیان، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و فراکسیۆنێك کەمترین زوهد بنوێنن و بە پێژەیەک، داوای کەمکردنەوەی ئەو ئیمتیازاتە هائیلانە بکەن، یان دەخی خەڵك و فەرمانبەری ئاسایی و خانەنشینان تاڵادەیەك باش بکەن! بە کورتییەکەی ئەمانە ناتوانن نوێنەرایەتیی زەرینەی خەڵک بکەن، هەروەکو داتاکان پیشانی ئەدات، لە دواهەمیین هەڵبژاردندا، وەای تەزویری ئەلیلکترۆنیی، نزیک بە ٧٠٪ی خەڵکی عەراق(بە هەرەمیشەوە)، دەنگیان نەداوە.

چوارەم/ ئەو بەرپرسیارێتییەی بە سیاسیەك یان چەند سیاسیەکە کە دەدانیان هەبێت و هەزی چەکداریان هەبێت(یان بەوایان پێی هەبێت)تا داکەکیی لە خەیان و لەو بەرپرسیارێتیش بکەن کە بەیارە دروست بکرێ. بە دڵنیاییەوە ئەمە کاتێک ئەکرێ کە عومقی ستراتیژیی، عەراق بێت و لە ڕگەی دەوڵەتی عەراق و هێزە عەراقییەکانەوە، بتوانرێت ئەم دەخەی هەرەم، دەستکاریی بکرێت. پێش هەموکەس ئەم سیاسیانە خەیان ئەبێ خاوەنی گوتار و ڕوئییەیەکی سیاسیی جیاواز لە فشەڵکانی گوتاری کوردایەتیی بن.
بە ئەمەش ئەبێ ئەم سیاسیانە، بوێر و خاوەن ڕەحی دەستپێشخەریی بن، خیلافات و عوقدەی شەخصیی بەلاوە بنەن و بییر لە بەرپرسیارێکی نیشتمانیی بکەنەوە کە تەجاوزی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و نەژادیی و عوقدەی طائیفییان کردبێت. پارتیی و یەکێتیی بەچی شانازیی بەوەوە ئەکەن کە میلیشیاکانیان کردووە بە بەشێك لە سیستمی بەرگریی عەراقیی(منظومة الدفاع العراقية)یان بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی عەراق(القوات المسلحة العراقية)، بەڵام هەر کەسێك تەخویین و تەکفیر ئەکەن کە سێ دەیەیە هاواری کردبێت (هێزەکان بە نیشتیمانیی بکەن) و لەوپێی بە ئومێدیدا ئەستا بیەوێت هێزێك دروست بکات تا میلیشیاکانی ئەوان نەتوانن سوکایەتی بە خەڵك بکەن؟ ئەم هێزە، یان ئەم بەرپرسیارێتییە، ئەبێ باوەڕکی قووڵی بە سیاسەتکردن لە عەراقدا هەبێت و عەراق بە وڵاتی خۆی بزانێت و سوود لە دەستور و هێزە نیشتمانییەکانی عەراق ببینرێت بە ئەوەی ئەم قەرغکارییە سیاسیی و ئابووریەی هەرەم، کەم بکرێتەوە و وردە وردە ، دەسەلاتی زەرینەی

خەڵک بە گژ ئەو هەموو گەندەڵیی و دزیی و ناعەدالەتییەی هەرەمدا بکرێتەوە س بشتوانرێ، لە بەرامبەر میلیشیاکانی کوردایەتییدا، دیفاع لەم بارە زەرینەیە بکرێت.

ئەمەی سەرەوە، بەشی شەشەم و کۆتایی بوو لە زنجیرە وتاری
گوتارێکی سیاسیی جودا، پەیوستییەکی هەنووکەییە
نەخشەرگەیەکی بەدیل، بۆ فشەلی حیکایەتکانی کوردایەتیی

ئیرەیی.. بکوژی ئاوازەکانی بەهەشت.. سەباح ئیسماعیل

(پێشەکییەك بۆ ژیانی زریاب)

پاش ئەوەی دەنگی ئەوە بڵاوبووەوە، موزیکژەنی ناوداری نەمسایی مۆزارتی مەزن دەرمانخوارد کراوە و ئەوی ژارخواردی کردووە موزیکژەنی ئیتاڵی سالیەری هاوەڵی بووە، ئەوە بۆ پووشکینی باوکی ئەدەبی ڕووسی (1799-1837) بووە هەوێنی نووسینی شانۆنامەریەك بە ناوی مۆزارت و سالیەری.
دواتر، لەسەر بنەمای ئەو شانۆنامەیە میلۆش فۆرمان فیلمی ناوداری "ئەمادیەس"ی بەرهەم هێنا. لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکەی پووشکیندا سالیەری بە ناڕەزاییەکی تونەوە دژ بە دادپەروەریی خودایی قسان دەکات، "چما بۆچی ئەمەك تا ئادەی مردن ئاشقی موزیك بێت و لە منداڵییەوە ژیانی لەپێناو موزیکدا تەرخان کردبێت، کەچی ئەم بەهرەیە بۆ کەسێکی سادەی شێت دەڕوات".
ئەودەمی مۆزارت گەیشتە قیەننا، جۆزێفی دووەمی ئیمپراتۆر سالیەری وەکو موزیکژەنی کۆشك هەبژارد. سالیەری وای لێهات زۆری ڕێز لێ دەگیرا، بەتایبەت لای ئەندامانی چینی ناوەند.
مۆزارتی بەهرەدار چەشنی فریشتە دابەزییە سەر زەوی، دەتگوت ئاوازەکانی لە بەهەشتەوە هێناون. هێندەی نەبرد سالیەری لە ترسی توانای گەورە و لە ئاوەزبەدەری مۆزارت تاڕادەی دەردەئیرەیی و بەدگومانی ناخی دەکرۆژی و هەلاهەلای دەکات. دەکەوێتە دژایەتی کردنی مۆزارت، تاڕادەی ژارخواردکردنی.

هەبەت مژووی نووسەر و ووناکبیران گەلێك شوازی ململانێی نێوان گەورەکانی بۆ تەمار کردووین، چونکە گومەشی (غیرە) جووتاندوونی. بە شێوەیەك هیچ بارانێك نەیتوانیوە شوێنپێکانی لە ناو دۆ و ئاوەزی مرۆڤەکاندا بسڕێتەوە.

ئینگلیز دەڵێت: هیچ بەدگومانییەك لە بەدگومانیی ئافرەت تووندتر نییە، مەگەر بەدگومانیی نووسەران لە یەکدی. مژوو ناوی زۆری لەم بارەیەوە بۆ تەمار کردووین، وەك ئیرەیی و ناکۆکیی نێوان مەعەی و شەریف هەزی، موتەنەبی و ئەبو فیراس ئەلحەمدانی، جەریر و فەرەزدەق، لە مژووی نوێشدا نێوان ئەحمەد شەوقی و حافز ئیبراهیم، زەهاوی و هەسافی، جەواهیری و بەیاتی.
مەی زیادەی ژنەنووسەری لبنانی، کە بە هۆی زیرەکییەکەیەوە نێ زمانی دەزانی، بووبووە بزوێنەری ئیرەیی لای گەلێك نووسەری ناوداری سەردەمەکەی، وەك: خەلیل مەتران، تەها حوسێن، حافز ئیبراهیم، عەباس مەحمود عەقاد، ئەحمەد شەوقی، مازنی، هەیحانی و هی تریش.
تاهیر وەتاری سەرکردەی بۆ هکابەری ڕەمانی جەزائیریی نووسراو بە زمانی عەرەبی، ئیرەیی و بەدگومانیی بەرابەر هەشید بوچەدرەی ڕەمانووس کەم نەبوو. هەشید بوچەدرەش هەمبەر کەمال داودی ڕەمانووس هەمان هەست ختووکەی دەدا.
ئەم ئیرەییبردنەش مەرج نییە هەر ئیرەییبردن بە مادە و دارایی بێت، دەشێت بە پێگە و پایەی مەعنەوی، بە توانا و لێهاتوویی، بە جوانی و شێخی، بە توانای داهێنان لای کەسێك بێت کەسی ئیرەییبەر شکی نابات.

نووسەری پیرێیی ماریۆ بارگاس یۆسا کاتێك گوتی، بەدگومانی ئاوەز دەشێوێنێت و ڕێگەی بیرکردنەوەی ژیرانە نادات، باش دەیزانی ئیرەیی نووسەران کاریگەرتر و بە ئازارترە لە ئیرەیی کەسانی سادە. ئیرەیی توانای ئەوەی هەیە هەموو شتەکان تێکوپێك بدات، گیان تێ بەردات و بوونیان بسڕێتەوە. دوورنییە بگاتە هادەی خۆکوشتن. وەکو ئەوەی لە نێوان دوو ڕەمانووسی هەرە مەزنی ژاپۆن، یۆکیۆ میشیما و کاواباتادا ڕووی دا. ئەو دوو نووسەرە بۆ پتر لە نیو سەدە نامەیان گۆڕییەوە، نامەکان پڕ بوون لە ڕێز و خۆشەویستی، تاکو کاواباتا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، ئیدی کێچ کەوتە کەوڵی میشیماوە، بەرگەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هاوڕێکەی نەگرت. دەمودەست پێوەندییەکەیان ڕووی لە خراپی کرد. میشیما بەهۆی ئیرەییەوە نەیتوانی پیرێزبایی لە مامۆستاکەی بکات. ئەوەبوو خۆی کوشت. هەر دوای دوو ساڵ لە خۆکوشتنی میشیما، کاواباتاش خۆی کوشت. چون کاردانەوەی هاوەڵەکەی

بێت.
نموونەیەکی بەرچاوی تەواو پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە، کاتێك ساڵی 1960 ئەلبێر کامێ خەڵاتی نۆبڵی پێ دەبەخشرێت، دەچێت بۆ لای هاوسەری ڕۆمانووسی گەورە نیکۆس کازانتزاکی (1883ــ1957) لە یۆنان، پێیدەڵێت: ئەم خەڵاتە شایانی کازانتزاکی بوو نەك من.
بە هەمان شێوە محەمەد عەبدولوەهابی ستراندژ ڕقی لە ڕیاز سونباتی بوو، قەسەبچییش لە بەلیغ حەمدی. هەڵبەت بە دەگمەن ئیرەیی و بەدگومانی و ناکۆکیی لە نێوان زانایەك و نووسەرێك، نووسەرێك و موزیکژەنێك، خۆشنووس و نیگارکێشێك، دارتاش و ئاسنگەرێك، بازرگانێکی ئاوریشم و بازرگانێکی کاغەزدا دەبینیت، چونکە بواری کارکردنیان جیاوازە و بەرژەوەندییان دژ بە یەکتر ناوەستێتەوە. گۆتە جوانی بۆ چووە دەڵێت: داهێنان هەتاکو لێتەوە دوور نەبێت، ناتوانی ددانی پێدا بنێیت. هەموو ئەو داهێنەرانەی ئیرەییان بە یەکدی بردووە، یاخود گومانەشییان بەرابەر یەکتر لا دروست بووە نزیك بوون لە یەکدییەوە. بگومان ئەمەش ئەوپەڕی هەژاریی ڕۆحی و هزریی کەسی ئیرەییبەرە، لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی بەدبەختییەکی زۆر بۆی و هەرچییەك دەکات ئەو هەستە دژوارە ناهێڵێت بەختەوەر بێت. ئەمە جگە لەوەی زۆر کات ئیرەییبەران کەسانی بێبەهرە و تەمبەڵ و بوودەڵەن، بەو ئیرەییە کوشندەیەیان، کە چەشنی مۆرانە ڕۆحیان دەکرێژێت، دەیانەوێت دژایەتیی هەموو ئەوانە بکەن لە خۆیان بەهرەمەندتر و بەتواناتر و داهێنەرترن.
هەڵبەت لە کۆی ئەم ناکۆکییانەدا ئەوەی بمێنێتەوە و نەمری بەدەستبهێنێت بەرهەمی باڵا و ڕەسەن و پێ لە داهێنانە.
هەموو ئەو ئیرەیی و بەدگومانی و ناکۆکییە کوشندانەی باسمان کردن، وەك ئەوەی ڕووداوەکانی مێژوو وەکو خۆیان دووبارە ببنەوە، تەواو لەم ڕۆمانەدا خەست بوونەتەوە و بەدی دەکرێن. ئیسحاق موسایی موزیکژەنی پیر دژی زریابی تازەلاوی بەهرەمەند، زریابی کۆیلە و قوتابیی خۆی دەوەستێتەوە. لەوە دەترسێت زریاب شوێن و پایەی وەك موزیکژەنێك لە کۆشکدا لەق بکات و ئەم بکەوێتە پاش قوتابییەکەیەوە. هەر هێندەی ئیرەیی دەکەوێتە گەڕ، ئیدی شاردنەوەی زەحمەت دەبێت و وردە وردە دەبێتە مایەی داماننی ئاکاریی لای کەسی ئیرەییبەر، ئەمە ئەگەر جاری وا هەیە نەبێتە هۆی ئەنجامدانی تاوانیش. "لە دوێنێوە من گەورەی تۆ نیم. ڕاست و ڕوون دەبم لەگەڵتدا. ئەی نازانیت ئیرەیی دەردێکە لە کۆنترین دەردەکان و لە هەموویان پتر کار لە ناخ دەکات و قووڵترین زام لەسەر دڵ جێدەهێڵێت؟".
ئەم ڕق و کینە و نەیاری و شەڕەی دژ بە زریابی تازەکار دەبنە هۆی

ئەوەی لە داهێنان و نوێبوونەوە بوەستن، تەنیا کاری ئەوان لەبری بەرەوپێشچوون لە ژەنین و ئاواز، دژایەتیی یەکدی بکەن. بۆیە ئیسحاق موسێی لای خەلیفە هاووونە ڕەشید قسەی خراپ لەسەر زریابی زێدە بەهرەداری بێتاوان و بێگوناە دەکات، لە ئەنجامدا هەر بە خۆی دەیەنجێنێت و وەاتبەدەری دەکات.

لێ زریابی زەرزان لە هونەری ئەتەکێت و خواردن، زریابی بلیمەت لە موزیك، زریابی بێ موزیك خوێقاو، وەکو هونەرمەندێکی ڕەسەن، هەموو خەمی ئەو عوودەکەی و ئاوازەکانی بوو، کێی نەدا و هەر هێندەی سەقامگیر بوو، ژێی پێنجەمی بێ عوودەکەی دانا و زمانێکی نوێی بە ئامێری عوود بەخشی. نەك هەر ئەمە، بەکو بە دامەزرێنەری یەکەمین قوتابخانەی موزیك دادەنرێت، ئەودەمی لە بەغدای (یەکەمین جار دوورخراوگە و دواتر نیشتمانی ئەویان) دوورخستەوە، لە قورتوبەی ئیسپانیا دایمەزراند. جگە لەوەی ژیاری ئیسلام و ڕۆژهەاتی گواستەوە ئەندەلوس و لەوێشەوە ئەوروپا و جیهان.
زریابی بە ڕەچەڵەك کورد مێژووی ئیسلام ستەمی لێ کردووە، لە ڕۆی مێژووی ڕۆژئاواوە پتر ئاوێی لێ درایەوە وەك لە ڕۆژهەات، لەوێ ناسرا و زیاتر سوودیان لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی وەرگرت.
مخابن، داهێنەران لە هەر کوێیەك بووبن، لە هەر ڕۆژگارێکدا ژیابن، ئاسوودەییان بە خۆە نەبینیوە و ئیرەیی هاوپیشەکانیان هەمبەر داهێنانەکانیان ئازاری داون و لێنەگەاون ئاسوودەبن. تاکو ئەو ڕادەیەی هەندێك جار ئیرەیی سەری داهێنەری خواردووە و توانا و کاراکتەری سەرکەوتووی تیرێر کراوە و زریاب ئاسا بەم ڕۆژگارەوە بەدەم ئازاری پێکانی تیری ئیرەییەوە تلاوەتەوە.

سەباح ئیسماعیل

مارف عومەر گوێ "شاعیرێک ووەو ئاسێ".. .سوهێب فاروق

کەم کەس هەیە ئەو دەڕ تایبەتێی "هەمنی موکریانی" نەبیستبێت،"من بەرەو ئاسێ بەرەو ووناکی باەم گرتووە، چەن بەرەو تاریکی دەخشەم

پاڵ وەک شەیتانێ دەدەم".. "مارف عومەر گوڵ" شاعیرێک هەمیشە هەوڵی ئاسۆ دەیەوانی، هەمیشە لە دڵەکانیدا دەبینیت پشت لە شەیتان و هەوڵ لە جوانی پشت لە نائومێدی و هەوڵ لە ئومێد سەردەمانێک کە ئەو تیایدا دەست دەداتە شیعر و دەکەوێتە زیندان، دەخێکە کە مرۆڤ کەمتر توانای بەرگەگرتن و نەدەڵانی هەیە، وەلێ ئەم بە پێچەوانەی ئاڵاستەکانیشەوە دەڵوات و ناشوستێت و بەردەوام دەبەت و گوێ دەگرێت و بڕ دەگرێت، هەزەکی سەیر جووڵەیەکی ماندوونەناسانە، بزوێنەرێک، جۆرێک یاخیگەرێتی لە شیعری مارف عومەر گوڵدا، هەیە هەمیشە چاوی هیوایەکی دائەگیرسێ هەمیشە لەوتکەی ئەبینێ، هەمیشە ئەستێرەی ئەدوێنێ، هەمیشە دەرگایەک هەیە، ئەگەر داخراویش بێت سەرنج بدەنە ناوونیشانی دیوانەکانی(هەڵانەی نغرۆ) و (خەری زیندان)و (شایەکی نهێنی) و (شکەی باگرتوو) یانە ئەمەو بەم هەمیشە هەڵانەیەک هەیە بۆی بگەڕێتەوە، کەرچی نغرۆیە، خەرێک هەیە لەزیندانیشدا، شایەک هەر هەیە گەرچی نهێنییش بێت، شکەیەک شک ئەبات گەر باڵیشی گرتبێتەوە، ئەم هەڵە ئەم جارە لە "خەبوون" و "ئەونەبوون"، شێ ئەبێتەوە بە نەو دەبەدەڵەی شیعرەکانیش دواتر بەک نموونە دەهێنمەوە.

وەختێک لە ساڵی ١٩٨٢ بەعس دیگرێت و لە ئەمنی عامەی بەغدا زیندانیی ئەکەن، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆری ئەدەن تا ڕادەی مەرگ ئەیبەن، شیعری بەستەی نەبەز.. "من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا"ی گەران و چەند کتێب و ژیانناماەیەک هەزی بەرگەگرتن و وردبەرزیی زیاتری ئەدەنێ ئەم دەخە وا ئەکات، هەمان دەخی زیندان بکاتەوە بە شیعر و بە فۆرم و سەبکی خۆی و ئەم دەخە بیان بکاتە ئەم هەزە بکاتە دەرکەوتەیەکی زمانی و بیداتەوە بە بەردەنگی خۆی، سەرنج بدەنە شیعری"لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانییەک" پڕ لە هەڕەشەندی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و زمانەوانی کە دەتوانێت بە وردی دەخی دەروونیی کوردەکی شاعیری زیندانی بیان بکات، کە چۆن هەوبەووی مەرگ ئەبەتەوە، چۆن شیعر لەدایک ئەبێت، چۆن هیوا لە تاریکییەکی وەهادا چرۆ ئەکات، سەرنج بدەن چۆن هەوەو ئاسۆ دەوانێت، سەرنج بدەن لە کۆپلەیەکی دەقەکەدا دەڵێت:

"لەپڕ هەتاو
بە دیواری ژوور سەرماوە پەدەکەنە
کەلەپچەکەم بە دیواری زیندانەوە وا کلیل بوو
رچی بکەم دەستم ناگاتە ئەو تیشکی خەرۆ،
لەپڕ هەتاو

هیوا و خۆزگە و ئاواتمی پڕۆ دیارە
نەخشەی هەموو وڵاتمی پڕۆ دیارە.
لەوانەیە لە بارەی ئەدەبی بەرگری و زیندانەوە زۆرتر بزانرێت کورد وەک نموونە بۆ ئەو جۆرە ئەدەبە، شیعری بەندیخانەکەی "قانع" و شیعری "بەستەی نەبز"ی "گۆران" و لە ئەدەبی نوێشدا زۆرتر شیعرەکانی "شەهید مەلاعەلی" وەک نموونە بهێنرێنەوە، لە کاتێکدا لەپاڵ ئەم نموونەگەلەشدا شیعری "لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانییەک" نموونەیەکی هەرباڵا و بوونەی ئەدەبیاتی زیندانە.
"نۆکەی"
دنیا جەنجاڵی هەزار ئاهەنگی شین و شەپۆڵ
نۆکەویتە بەر قوڕپی گریانی
چرایەک هەڵکە بۆ سەفەری شەو
نۆکەویتە بەر ئەستەمی ڕێگەی سەرکەندەکانی
لە دووریانی پێش خەرهەڵاتا
دەزانم کام ڕێ بۆ ناو دڵ دەچێ
ڕێگومکە نۆکەی لە مەبەستی گەیشتن
نەوەک هاواری پاشگەزبوونەوەم زوو بێتە سەر ڕێ.

بۆ سەرنجدان لەو تێکستە، تێدەگەین کەی پرسەکە گوتنەکە کە دەیەوێت "پاساو وە شێتانەوە نەدەین" نۆکەی.. ناوونیشانی شیعرەکەیە، نۆکەویتە بەر قوڕپی گریان جۆرێک لە درکەیە لە بەرانبەر سیفەتی کووزانەوە و زەلیلیی مرۆڤ داینانەوە، لە بەرانبەردا بەدیلێک دەدەزێتەوە، دەستەواژەی چرایەک هەڵکە بۆ سەفەری شەو، بۆ ئەوەی "نۆکەویتە بەر ئەستەمی ڕێگەی سەرکەندەکان"، ئەستەمی ڕێگەی سەرکەندەکان درکەیە، ئەیەوێ بڵێت مەحاڵ مەناسە، هەر لە شیعرەکەدا بەر دوو دەڵاکەوین کە تەواو دەبنە شادەڕ، کە گوتنەکە تیایاندا بەتەواوی دەمەڵێت ئەوانیش:

١- دەزانم کام ڕێ بۆ ناو دڵ دەچێت.
٢-ڕێگومکە نۆکەی لە مەبەستی گەیشتن.
دەزانێت ئەو ڕێیەی بۆ ناو دڵ دەچێت کامەیە، لووتکەی ڕەشنبوونەوە و خەبوونە، تراپکی ڕەتکردنەوەی ئەوی تر، دەزینەوەی ڕێگەی دژ ئامانجە پیرۆزەکەیە، مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ ڕەی دژ بدەزێتەوە و ونی بکات، ئەو پەیمان ئەبەستەت من ڕێگەکەم دەزیوەتەوە ووەو ئاسۆ ووەو دژ هەنگاو ئەنەم ئەوەش نۆکەن پشت بکەنە ئاسۆ و ووە بکەنە شەیتان فرێز"مەبەستی گەیش" کتومت ئەوەیە کە دەڵێت ڕێگومکەی لە مەکەن.
ئەم "ووەوئاسۆچوونە" لە سروشتیشدا دژ دەگرێت، سروشتیش لای شاعیر

بەرەو ڕووناکی دەڤات سەرنج بدەن لەم شیعرەدا لەپاڵ پێشمەرگەدا
" زەمین، شاخ، چەم، ئاو، بوار، بەردەباز"
چۆن هاوچەنن چۆن ئەوانیش ڕووەو ئاسۆ دەڤوانن، وەک بەشێ دەبنە شاعیر و شەڕشگێڕ و مرۆڤ و هێشن دەبنەوە.

"بەگژاچوونەوە"
دوژمن سمی هێنایە سەر خاکی شیرین
زەمین لەرزی
دەنگی هاچەنی
پێشمەرگە بوو بە ئاگری تووڕەیی و قین
دوژمن سمی هێنایە سەر بەردی چیا
شاخ تووڕە بوو
چەم تووڕە بوو
وشک هەڵگەڕا، دار و درەخت، گوڵ و گیا.
دوژمن سمی هێنایە سەر جگەلە و چەم
ئاو سەرشێت بوو
بوار ون بوو
بەردەبازێک نەما لەبەر چەکمەی ستەم.
ئەم هەزی هاچەنین و خەبەدستوونەدانە، هاوتای ژیانی شاعیرە گوتنی شیعری و واقیعی ژیانی شاعیر یەک شتن و پارادەکسێک لە ئارادا نییە، یانە هەک دەخە ناوەکییەکەی شاعیر کە دەرکەوت دەکات هەزەکی دەداتە هەم دەیکاتە شاعیر هەم دەیکاتە مرۆڤێک ئەوەی کە پشت دەکاتە تاریکی و شەیتان و ڕوو دەکاتە ئاسۆ، تەنانەت ئەگەر بە مەرگی خەیشی پێشوازی لە بکرێت گوڵی لە نییە، چوون بەتەمایە بگاتە ئاسۆ و حەقیقەتێک هێشن بکاتەوە.
"سەنەکردن"
شیعری ساوای چەند ساڵەی من
نە سە لە مەرگ دەکاتەوە
نە حەپەحەپی ناحەزان
شیعری ساوای چەند ساڵەی من
هەر پە دەگرە
تف دەکاتە چاوی دوژمن.

گەرچی بەشە زۆرەکەی خوێنەری کورد زیاتر هەهەندە لیریکییەکەی شیعری "مارف گوە"ی لە بەرچاو بوو، بە هەی ئەوەی کە شیعرگەلی وەک "هەوار" کە بە گوستانی ڕەح ناسراو "عەدنان کەریم" کردوویەتییە گەرانی و شیعرکانی"بەفر" لای ئەمەل سەعید کوردە و "شایی" لای

خالید ڕەشید و "باخی دڵ" لای پەیمان عومەر و "شنۆ" لای ئاڤان جەمال و چەند شیعری تر، وڵە دیوانەکەکراوەکەی شاعیر پەیەتی ئەزموون و تاقیکردنەوەی شیعریی جەراوجەر و ڕەهەندی نەبینراو بۆ هیوایەی بەردەنگی کوردی بگەنە ئەمپۆ و ئۆپۆ و قووناییەکانی شیعری مارف عومەرگۆ.

"..سوهەیب فاروق"

وەبوونی هیوا لە ململانێی نێوان ژیان و مردندا لە شیعری "هەوار"ی مارف عومەر گۆران..
نووسینی: عەتا قەرەداخی

[تەمەن شەپۆلە ڕامانداماڵە]

-١-

مارف عومەر گۆران یەکێکە لە شاعیرانی نێوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئەو پێنج کەمڵە شیعری بڵاوکردووەتەوە لەم دواییانەشدا هەر پێنج کەمڵەکەی لە بڵاوگەکدا بە ناوی پێنج دیوان پێکەوە بڵاویاندووەوە. ئەوەی جێگای تێبینیە شیعر لای ئەم شاعیرە وەکو بەرهەمێکی خەسک دڕبەی سروشتی هەست و سۆزو ناخی سادەو خاوێنە. ئەم بەهرەیەکی شیعری باشی هەیە، بەڵام وەکو پێویست هەوێنەداوە ئەو بەهرەیە بەسەرچاوەی بیرو لێکدانەوەی قوڵ و بنەماکانی جواناسی و جیهانبینی مەودا فراوانتری مرۆیی، یان گەردوونی دەوڵەمدنتر بکات. واتە ئەگەر بۆ ئەو ئەندازەی کە بەهرە خەسکیەکەی سەرچاوەیەکی بەهێزو دەوڵەمەندی بەرهەمهێنانی شیعرو شیعریەتە، لە ڕووی تیۆریشەوە لە ئاستی شێوازو جیهانبینیشدا بەهرە خەسکیەکەی دەوڵەمدن بکردایە، پێگەیەکی بەهێزتری دەبوو لە جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا.

ئەو بە زمانێکی پاراو و بە گرێ و گۆڵ دەنووسێت، ڕێگەزکانی بەرهەمهێنانی شیعر لای ئەو ڕێگەزە کوردیەکانن. سروشتی کوردستان و

توخم و ڕەگەزەکانی نەتەوە سروشتی کوردستان و ڕووداو و چیرۆک و بەسەرهات و پاڵەوانی کوردی ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتنی دەقەکانێتی. وێنە شیعرییەکانی بەرجەستەکراوی سروشت و پێکهاتەکانی ژینگەی کوردەوارین. ئەم بەم زمانە پاراوە کوردییەو بە وێنەی شیعری بەرجەستەکراوی نەتەو زەمینەی کوردی و بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی لێکچوون و میتافەرو دووانەی دژ و بەرامبەر و بە مۆسیقای ناوەوەی دەق ئاستێکی باش لە شیعریەت بەرهەم دەهێنێت. جیهانبینی دەقەکانی دابەش دەبن لە نەوان جیهانبینی ناوچەیی، تایبەتی و هێندەجاریش پێل دەهاوێژێت بە بەرهەمهێنانی جیهانبینی مۆدا فراوانی گەردوونی، بە تایبەتی لە پرسی پەیوەست بە بابەتی ژیان و مردندا کە وەکو دووانەیەکی دژ و وەکو چەمکی ژیان و مردنیش ئامادەبوونی بەرچاوی هەیە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا.
لەرەدا ئەمە هەوڵدەدین شیکردنەوەی یەکێک لە دەقەکانی ئەم شاعیرە بکەین کە ئەویش دەقی شیعری "هەوار"، کە ساڵی ١٩٩٦ لە تاراوگە نووسیووەتی و لە لاپەڕە (٤٣٨) ی کەبەرهەمەکانیدا کە ساڵی ٢٠٢١ چاپکراوە، بەاوکراوەتەوە.
ناونیشانی ئەم دەقە شیعریە " هەوار"، کە بەگومان ئاشکرایە ناونیشان نێک هەر پەیوەندییەکی بەهێزی بە دەقەوە هەیە، بەکو ناونیشان وەکو چەکردنەوەی پرسیارو جیهانبینی دەق سەیردەکرێت، یان چەتری کەکەرەوەی کەی وردەکاری دەقە لە ئاستی جیهانبینی و بنیادی دەقەکەدا. ئەمە بەجگە لەوەی کە ناونیشان وەکو کلیلی دەق سەیردەکرێت و لە دەقی زیندوودا ناونیشان ڕەگای چوونە ناو بنیادی شاراوەی دەق دەکاتەوەو نێک هەر یارمەتیدەری ڕەخنەگر، یان شیکەرەوەو ڕاڤەکاری دەقەکەیە، بەکو یارمەتیدەری خوێنەری ئاسایش بە ئەوەی بتوانێت لە دەقەکە تێبگات، یان چەژی لەوەربگرێت.

"هەوار" وەکو وشە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی کۆنەو بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی ئیتمۆلۆجیەوە مێژووی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بە سەروەختی یەکەمین نیشتجێبوون لە شوێنکدا کە دەشت نیشتجێبوون بووبێت بە ماوەی کورت خایەن. ئەو شوێنەی بە ماوەیەکی کورتخایەن یان دیاریکراو خەزان و تیرەو خێڵە کۆچەریەکانی کورد تیایدا ماونەتەوە، پێی گوتراوە هەوار. نیشتجێبوونی ناو هەوار، لە شوێنی دەوار هەڵدان یان کەپرکردندا بووەو دەشت ئەو قەناغە وەکو قەناغی پێش نیشتجێبوونی تەواو لە گونددا سەیر بکرێت، یان لە دوای نیشتجێبوونیش لە گونددا، گوندنشینی کوردەواری بە پێی وەرزەکانی ساڵ هێندەجار گوندەکیان بەجێهێشتووەو چوونەتە شوێنکی تر. بە

نموونە لە وەرزی هاویندا خاوەن ئاژەڵەکان گواستوویانەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئاودارترو فێنکتر بوون و لەوەڕگای باشیان تیادابووە بۆ ئاژەڵەکانیان. لەو هەواریان خستووە تا وەرزی پایزو لەگەڵ باران و ساردبوونی ئاووهەوادا گەڕاونەتەوە بۆ ناو گوند. هەروەک لە گەرمیان و کوێستانی خۆڕ کوردیشدا ئەو شوێنەی بۆ ماوەیەک خۆی تیادا ماوەتەوە دیسان پێی گوتراوە هەوار. لە سەردەمی نوێشدا وشەی هاوینە هەوار بۆ ئەو شوێنانە بەکاردێت کە لە وەرزی گەرمەی هاویندا، لە شوێنانی تر فێنکترن و خۆشک رووبان تێ دەکەن بۆ بەسەربردنی چەند کاتێک لەو شوێنە فێنکانە. کەواتە ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەم لێکدانەوەیە هیچ پەیوەندییەکی بەم ناونیشانەوە هەیە؟

ئەم شیعرە لە شاری لێیژ لە وڵاتی بەلژیک نووسراوە. پەیوەست بەوی شاعیر ئەو شوێنەی کە ئەوکاتە لێی جێگیربووە، وەکو هەوار وایە چونکە شوێنی راستەقینە، یان زێدی خۆی نەبووەو مانەوەی لەوە کاتی بووە. لەم روانگەیەوە ئەو شوێنەی دەقەکەی تیادا بەرهەمهاتووە، خاسیەتی هەواری هەیە. کەواتە دەشێ لە رووی شوێنی بەرهەمهێنانی دەقەکەوە، هەوار بە مانای ماوەیەکی کاتی و کورت دێت، کە ئەوی شاعیر لێی ماوەتەوە. هەروەک شیکردنەوەی دەقەکە ئەوە بە رووبی دەردەخات کە وشەی هەوار ئاگاڕ وەکو شوێن بەکارنەهێنراوە، دەلالەتی ژیان هەڵدەگرێت، کە بە گوڕەی هەموو زیندەوەران بەگشتی و مرۆڤ بە تایبەتی ماوەیەکی کورت و کاتیە. واتە ژیان یان تەمەن کورت خایەنە هەمان شێوەی هەوارخستنی خۆڕ و هەزە کوردەکان کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە شوێنێک هەوار دەخەن. لەم روانگەیەوە ژیانی هەمووەمان وەکو هەوارخستن وایە لەسەر ئەم زەویە، کە بۆ ماوەیەک دەمێنینەوەو پاشان بۆ هەتا هەتایە بەجێدەهێڵین.

هەروەک دەشێ لە ئاستێکی دیاریکراودا، هەوار هەرچەن شوێنی نیشتەجێبوونی کورت خایەن دەگەیەنێت، پەیوەست بە ژیانی کورتی مرۆڤ، مانای نیشتیمانیش ببەخشێت، بە تایبەتی پەیوەست بەوکاتەی دەقەکە بەرهەمهاتووە کە شاعیر لە تاراوگە بووە، وەکو مەجاز هەواری لە شوێنی نیستیمان دانابێت. سەرئەنجامیش داوا دەکات هەوار وێران نەکرێت. ئەمەش لە ئاستێکی تردا پەیوەستبوونی ئەو بە هەوارەوە واتە بە نیشتیمانەوە نیشان دەدات.

-٢-

دەقی شیعرەکە:

گوێستانی رووح تەرزە دایکوتا،
پووش و پەڵاشە سوزەڵانی ژین
ئێستەرەم دەدوان بە نیوە شەوە

خەم نەگریام و ئەو کەوتە گرین

* *

خەرتاوی دەم کەلی سبەینێی،
بەفرگرتوو بوو هەنامیێە شنە
پیاهەڵپژانی ژیان و مەرگ،
خونچەی ئاواتی لە بەیندا ونە.

* *

تەمەن شەپەلە راماندماڵە
نەکەن دارستان ئاگرباران کەن
چاوی هیوامان ئەوا داڕژا
نەتانکردبە هەوار وەران کەن.

ئاگەر سەرنجی پەکهاتەی زمانیی ئەم دەقە بدەین، دەبینین لە سێ کەپلە پەکهاتووەو هەر کەپلەیەک لە چوار نیوە دێ پەکهاتووەو هەموو دەقەکە بە پیتی ناوبەندیشەوە لە پەنجاو دوو وشە پەکهاتووە. ناو زیاترین ڕاگەزی زمانییە لەم دەقەداو نزیکەی نیوەی وشەکان ناون و دوای ئەویش فرمان دێت کە بریتین لە فرمانی تەواو و فرمانی ناتەواو کە پێکەوە چواریەکی وشەکانی ئەم دەقەن. ئاوەڵناو کەمترین ڕێژەی داگیرکردووە. ئەمەش لە ڕووی ئەرکی ڕاگەزەکانی زمان پێکەوە لە بری ئەوەی دەقەکە بکاتە دەقێکی وەسفی، دەیکاتە دەقێکی کرداری، واتە دەقێک کە کاری تیادا ئەنجام بدرێت. کات لەم دەقەدا کە دەمی فرمان دیاری دەکات بریتیە لە رابردوو، رانەبردوو. هەندە ڕستە ڕاستی جێگیر دەردەبڕن، ئەوانە رانەبردووی سادەن. هەندە ڕستەش لە ئاستی بێنراودا داخوازی نەڕەن بە ئەنجامدانی کار لە داهاتوودا. هەرەک دوا دێی دەقەکەش پرسیاری نەڕەیە. کەواتە ئەم دەقە شیعرییە کە ڕووبەڕێکی بچووکی داگیرکردووە، لە ڕووی زمان و بنیادی کاتەوە هەرسە دەمی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو لەخۆ دەگرێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەیە دەگرێت کە هیچ شتێک لەم گەردوونەدا ئەوە نییە کە تەنیا لە ئیستادا هەیەو ئەوەش نییە کە بەهەواسراوی لە بەشایدا هەبێت. هەموو شتێک کە لە ئیستادا هەیە ڕەگوێشەی ڕابردووی هەیەو تەنانەت ئاگەر لە ئیستاشدا لەناوبچێت یان بمرێت بەجۆرێک کاریگەری لەسەر داهاتوو دەبێت، ئاگەرچی ئەو کاریگەرییە کەم و سنووردارێش بێت. هەرەک هیچ شتێک نییە لەم گەردوونەدا پێوەندی بەو ژینگەو دەوروبەرەوە نەبێت کە تیایدا لەدایک بووە. هەرەها هەموو

شتێک بە ئاستی جیاواز کاریگەری دەروونی خۆیی لەسەر دەبێت، هەم ئەم کاریگەری لەسەر دەروونی خۆی دەبێت. وەکو پێشتر ئاماژەمان بە کرد بەشێکی فرمانکانی ئەم دەقە فرمانی ناتەواون، ئەوش بەجۆرێک کاریگەری دەبێت لە سەر جووڵەو رووداو لە پانتایی دەقەکەداو ئاگەر تەنیا لە ئاستی بینراوی دەقەکە بوانین، ئەوا وەکو دەقێکی وەستاو لە رووی جووڵەوە دێتە بەرچاو، بەڵام لەپشتی ئەم ئاستەوە جووڵەو کردار هەیە.

یەکەم کەپلەی دەقەکە بە رستەیەکی راگەیاندن دەستپێدەکات، کە رایدەگەیەنێت "گوڵستانی ڕەح تەرزە دایکوتا". ڕەح وەکو ڕەگەزێکی نامادی لە ڕەگای خستنەپاڵی وشەی گوڵستانەوە وەکو ڕەگەزێکی مادی بەرجەستە دەکرێت و تەرزە دایدەکوتێت. ئەستا خۆیامان بە بینینی دیمەنی گوڵستانێکی وەرزی بەهار دەچێت، کە تاوە تەرزە دەبارێت بەسەریداو دەیکوتێت و پەڕەی گوڵەکانی ئەو گوڵستانە قژنگە هەڵدەوەرێنێت. دیمەنی گوڵستانێک کە تەرزە کوتابێتی هاوشێوەی دیمەنی شارێکە کە کارەساتێک وەکو بومەلەرزە، لافاو یان جەنگ وێرانی کردبێت. ئەم لە ڕەگەای ئەم وێنەیەوە واتە "گوڵستانی ڕەح" کە وێنەیەکی جوانە سەرنجمان ڕادەکێشێت و دڵشە راستەوخۆ هەست بە جۆرێک لە چێژی جوانی بکەین، بەڵام نیوەی دووەمی دەڵێکە " تەرزە دایکوتا"، ئەم وێنە جوانەمان لە دڵشەوێنێت و راستەوخۆ ئەو چێژی جوانیەی هەستمان پێدەکردو خۆشیەکی پێدەبەخشین، دەگەڕێت بە نیگەرانی و خەم، چونکە کوتانی تەرزە راستەوخۆ وێنەکە دڵشەوێنێت و دیمەنی وێرانبوون، یان کارەسات لەبەر دیدەی خوێنەردا ئامادە دەکات. واتە جوانی و چێژی جوانی دەگەڕێت بە وێرانبوون و خەم و کارەسات. ئەگەرچی ڕەح لەڕەدا خاستەکی گشتی هەیە، بەڵام پەیوەست بە کەسی شاعیرو ئەو زەمینەی دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، دڵشەت بگوترێت شاعیر باسی ڕەحی خۆی دەکات، کە چۆن تاراوگەو دووری لەزێدو نیشتیمان ماندووی کردووەو وەکو ئەو وایە گوڵستانێکی بەهار بێت و تاوە تەرزە کوتابێتی.

ئەم ژیان بە سووزەمان وەسف دەکات. ڕەنگی سووز هەمای ژیانەوە و زیندووەتیە. ئەم وێنەیە ژیان وەکو وەرزی بەهار نیشان دەدات، بەڵام ئەم سووزەمانیە کە وەکو خاستەکی جۆگیرو هەمیشەیی ژیان باس دەکرێت، ئەستا وەکو خۆی نەماوەو گۆڕاوە بە پووش و پەڵاش. پووش و پەڵاش دەڵالەتی وشکی و

نەبوونی ژیان و قەیرانی زیندەگانی هەندەگرێت. ئەمەش ئەو نیشان دەدات ئێستا ژیان رەنگ و تام و چێژو زیندوەنتی تیادا نەماوەو رەنگی زەردو بە گیانیی پووش و پەڵاشی پێشیووە. بەگومان کاتێک کە رۆح سەرکوت کرابێت و ئێستا وێرانە بێت، مانای وایە ژیان لەکەناری مەرگدایە. ئەمەش راستەوخۆ فەزای کارەسات و مەرگەسات دروووست دەکات. رستەی دووەم " پووش و پەڵاشە سەوزەڵانی ژین"، دەمی رانەبردووی سادەیە. هەمیشە بە دەربڕینی راستیە جێگیرەکان و ئەو رووداوانەی کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە لە زمانەدا دەمی رانەبردووی سادە بەکاردەهێنرێت. کەواتە لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە سەرباری ئەوەی ژیان دەبێت وەکو سەوزەڵان وابێت و هەمیشە سەوزو جوان و پڕ لە جووڵە بێت، بەڵای ئەمەوە ژیان بە بەردەوامی زەردو بە جووڵو بە گیانەوە و وەکو پووش و پەڵاش سووک و بە گوهەڕو تەنانەت دەشێت شنە بایەک رایبمالێت.

ئەم باسی ئەوە دەکات کە بە نیوە شەو ئێستیرەی دواندووە. ئەم رووداوە، یان ئەم کارەی کردوویەتی لە رابردووداو رابردوویەکی بەردەوامیش، واتە زیاتر لە جارێک نیوە شەوان ئێستیرەی دواندووە. ئەم بەم بارودۆخەوە کە تیایدا گوستانی رەحی تەرزە کوتاوەتی و سەوزەڵانی ژیانی بووەتە پووش و پەڵاش، هەشتا ئێستیرەی نیوە شەو دەدوێنێت، لە ئەنجامیشدا ئێستێرە دەکوەتە گریان. ئەمەش کاریگەری دواندن، یان گۆڕانەوەکەی ئەم و ترسناکی ئەو شتانە نیشان دەدات کە ئەم لێیان دەدوێت. ئەم ئازاری ئەو بارودۆخەی چێشتووەو بە کردەوە تیایدا ژیاوە کە دەشێت ئەو کاتانە قورسی ئەو خەمانەو ئازارەکانیان وایان لێکردبێت بگری، بەڵام بە ئێستا باسکردنی شتەکان، یان گێڕانەوەو بیادهاتنەوەی ئازارەکان دەشێت شتەکی ئاسایی بن، بەڵام بە ئێستێرە دەشە کاریگەرتر بن، هەر بۆیە ئێستێرە دەخاتە گریان. بەگومان گۆڕانەوەی خەم و نیگەرانی و ئازارو ژانەکانیان بە کەسانی تر، یان تەنانەت بە ئاژەڵ و باڵندەو رووەک و تەنانەت بە رەگەزە نازیندووەکانی سروشتیش شتێکی ئاساییە. واتە گرنگ نییە بگەڕێوە کێیە یان چییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە گەڕێوە لە کێرداری گۆڕانەوەدا ئەوەی لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوەو ناخی داگیرکردووە دگەڵتەوەو بەوەش لە رووی دەروونیەوە خەی خاڵی دەکاتەوەو بەجۆرێک دەگاتە حەوانەوەیەکی دەروونی و هەندجار حەوانەوەی رەحیش.

پاڵوانی یەکێک لە چیرۆکەکانی چۆخۆف خەم و ئازارەکانی بە ئەسپەک دەگێڕێتەوە.

ڕەنگە لەبەردا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا دەشێت ئەستێرە هەمان بێت بۆ کەسێک و شاعیر مەبەستی ئەوە بێت لە نیوەشەواندا کەسێکی دواندووەو باسی خەم و ئازارەکانی خۆیی بۆ کردووەو سەئەنجام کاریگەری خەم و ئازارەکانی ئەم، ئەو کەسەی خستبێتە گریان؟ بگومان لەکەدانەوەی "ئەستێرەم دەدوان" بەم ئاراستەیە ئۆگرۆکی زۆر لاوازی هەیە.

-٣-

ئەم باسی ئەوە بۆ خوێنەر دەکات کە سەیری خۆرئاوای بۆربەیانی کردووە کاتێ لە دەم کەلەوە سەردەردەهێنێت. لەبەردا پێشبینی دەکرێت خۆر بۆ تیشکێکی زیوینەوە لەکەل بێتەدەرو هەتاو و تینی هەتاو دنیا بگرێتەوە. بەڵام ئەم باسی ئەوە دەکات کە ئەو خۆرئاوە بەفرگرتووەیتی. ئاشکرایە خۆر سەرچاوەی گەرمیەو بەفریش کە دەخی ڕەقی مادە نیشان دەدات سەرچاوەی ساردی بەخشەو وەکو هەمای ساردی سەیردەکرێت. ئەوەی چاوەڕوانکراوە تیشکی خۆر بەفر دەتوێنێتەوە. بەڵام لەبەردا بەفرگرتووە بە وەسفکردنی خۆرئاوا بەکاردێت، کە ئەوەش جۆرێک لە نەگونجان نیشان دەدات، بەڵام لە ئاستێکی تردا دەشێت وەها لێکبدرێتەوە کە بەفرگرتووە بە وەسفی دەم کەل بەکارهاتبێت و لەم بارەدا وەسفەکە گونجاوتر دەبێت و ئەو وێنەیەی بەرهەم دێت " تیشکی خۆری بەیانی دەم کەلی بە بەفر پۆشراوە" وێنەیەکی جوانی نەبو ئەم سروشتەیەو تێنانێت وێنەیەکی باو و ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوانیەکی لە ئەندازەبەدەری هەیە. ئەم وێنە نەخشێنراوە جوانە ئەو دەهێنێتە شنە. شنە جۆرێکە لە جووڵەی با، بەڵام نێک هەموو با-یەک، بەڵکو تەنیا بای شەماڵ کە با-یەکی هەمن و لەسەرخۆ و فێنک و خاوێن و ئارامبەخشە. ئەم وێنە جوانە، ئەم دەخاتە سەر جووڵەیەکی لەو جۆرە کە خاسیەتکانی شنەی شەماڵی هەبێت. واتە جوانی ئەم وێنەیە کاریگەری خۆی لەسەر ئەم دیاری دەکات و بەجۆرێک دەیبزوێنێت بەڵام بزواندنێکی هەواش، کە بگومان سەرچاوەی ئەو بزواندنە هەواشە کە ئاسودەیی بە ڕەحی دەدات ئەو چەژی جوانیەیە کە ئەم لە بینینی ئەو وێنەیەدا وەریدەگرێت، کە وەکو تابلۆیەک بەرجەستە دەبێت.

بەریەککەوتنی تیشکی خۆرو بەفر، کە بریتیە لەبەریەککەوتنی

گەرم و سارد، هاوشێوەیە لەگەڵ پەیوەندی نێوان ژیان و مردندا. لەڕدا لە دوای دروستبوونی دووانەی گەرم / سارد کە لە پەیوەندی نێوان خەڕتاوی سبەینێ و بەفری دەم کەلدا دروست دەبێت، دووانەی ژیان / مردن بەرهەم دێت. ئەمی شاعیر پەیوەندی نێوان ژیان / مردن، وەک پیاهەڵپژان نیشان دەدات. ئەمەش بە تێواوی لەگەڵ پەیوەندی ئەم دووانەیەدا وەکو دووانەیەکی دژ، یان بەرامبەر بەرجەستەکردنکی گونجاوە. ژیان بەردەوام ململانێی مردن دەکات و دەیەوێت بەسەریدا زاڵ بێت. لە بەرامبەردا مردن هەمیشە لە هەرش کردندایەو ڕێگانادات ژیان بەسەریدا زاڵ بێت و بوونی بسەتێوە. ئەم لەبەرامبەر یەکتر وەستانە، کە هەر جەمسەرەو دەیەوێت پارێزگاری لە بوونی خێی بکات و ڕووبەری هەژموون و دەسەڵاتی خێی فراوان بکات، وەکو ململانێیەکی تووند دەردەکەوێت کە هەڕپژانێ و سروشتی ململانێ و هەرش بە سەر یەکتریکردنی هەیە. هەبەت ئاشکرایە هاوسەنگی سروشت بەرهەمی پەیوەندی و ململانێ و لەبەرامبەر یەکتروەستانی دووانە دژەکانە. ئەگەر بێت و هەرکام لە جەمسەرەکانی ئەم دووانە دژانەی کە هاوسەنگی سروشت، یان گەردوونیان دروست کردووە، پاشکشێ بکات و توانای هاوسەنگبوون لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا لەدەست بدات، ئەوە ئەو هاوسەنگیە تێکدەچێت و هارمەنیای گەردوون دەشێوێت. بە نموونێ ئەگەر ژیان بەسەر مردندا زاڵ بێت و مردن نەمێنێت، ئایا چ پێشبینیەک بە ئایندەی گەردوون بەگشتی، یان گەی زەوی بە تایبەتی دەکرێت؟ یان بە پێچەوانەوە ئەگەر جەمسەری مردن بەسەر ژیاندا زاڵ بێت، واتە ژیان بەرەو کەتایی دەچێت، ئەوەش نەک هەر تێکچوونی هارمەنیای گەردوونە، بەڵکو دەبێتە کەتاییهاتنی بوون. هەربۆیە ژیان و مردن بەردەوام لە بەرامبەر یەکتردا وەستاون و هاوسەنگی نێوانیان دەپارێزرێت. پەیوەندی نێوانیان وەکو ململانێ و دژایەتیکردنی یەکتر وایە. بەڵام پێشبینی ئەوە ناکرێت براوە یان دۆڕاو، سەرکەوتوو یان بەزیووی تێدا بێت.

لە هەڕپژانی بەردەوامی هەریەکە لە ژیان و مردن بۆیەکتردا، سەرباری دژکەوتنی پەیوەندی نێوانیان وەکو شتێکی ئاسایی، بەڵام هێشتا ئاماژی لەو پەیوەندییەدا هەیە، بە جۆرێک سەرباری هاوسەنگی نێوانیان کە لە جەمسەری ژیانەوە سێبری جەمسەری بەرامبەر واتە مردن بکرێت، ئەوا هەست دەکرێت کە هەرچی ئاوات هەیە لەبەردەم هێشێی مردنایە، واتە ڕووبەری

نەوان ژیان و مردن، رووبەرێکە لەبەردەم هەڵشدایە بۆیە ناشێت خونچەی هیچ هیواو ئاواتێک لەو رووبەردا شین ببێت یان بکرێتەوە. دیسان لەم کێڵگەیدا دوو نیوە دێڕی یەکەم دەمی رابردوو نیشان دەدەن، کە باسی رووداوێک دەکەن لە رابردوودا رووێداوە، کە خەڕتاوی بەربەیانی دەم کاڵی بەفرگرتوو ئەمی هەناوەتە شنە یان جوڵە. دوو نیوە دێڕی دووەم کە باسی راستیەکی هەمیشەیی دەکەن کە لە بەرامبەر یەکتروەستانی ژیان و مردنە، دەمی رانەبردووی سادەیە. ژیان و مردن هەمیشە بەرامبەر یەکتر وەستاون. ئەمەش راستیەکی رەتنەکراوەیە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بۆ گوزارشت کردن لە راستی، دەمی رانەبردووی سادە بەکار دێت.

-٤-

